# تەنها خودا بپەرستن وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار مەدەن، واز لە قسەی باوباپیرانتان بهێنن، وفەرمانی پێمان دەکرد بە نوێژ کردن، وڕاستگۆیی، وداوێن پاکی، وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی

لە ئەبی سوفیان صەخر کوڕی حەرب -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هەرقل ووتی: فەرمانی چیتان پێدەکات؟ (واتە: مەبەستی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم-)، ئەویش (ئەبی سوفیان) ووتی: دەڵێت: «تەنها خودا بپەرستین وهیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار مەدەن، واز لە قسەی باوباپیرانتان بهێنن، وفەرمانی پێمان دەکرد بە نوێژ کردن، وڕاستگۆیی، وداوێن پاکی-عیفەت-، وگەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودە بەناوبانگە باسی گفتوگۆی ئەبو سوفیان صەخری کوڕی حەرب -ڕەزای خوای لێبێت- دەکات لەگەڵ هەرقلدا، ئەبو سوفیان لەو کاتەدا موشریک بوو، لە کاتێکی درەنگی ژیانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مسوڵمان بوو لە ماوەی نێوان ڕێکەوتنی حودەیبیە وفەتحی مەککە، ئەبو سوفیان لەگەڵ کۆمەڵێک هاتن بۆ لای هەرقل لە شام، وهەرقل پادشای نەسرانیەکان بوو لەو کاتەدا، تەورات وئینجیل وکتێبەکانی پێشووی خوێندبووەوە وزانیاری هەبوو، پادشایەکی زیرەک بوو، کاتێک بیستی ئەبو سوفیان وکۆمەڵێک لە حیجازەوە بەرەو شام دێن داوای کرد کە بانگ بکرێن، وپرسیاری لە حاڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وڕەچەڵەکی دەکرد، وپرسیاری کرد سەبارەت بە هاوەڵانی وڕێزگرتنی هاوەڵانی بۆی، وپرسیاری سەبارەت بە وەفاداری پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، پرسیاری هەر شتێکی بکردایە پێیان دەووت؛ بۆیە زانی کە ئەو پێغەمبەرەیە کە کتێبەکانی پێشوو باسیان کردووە، بەڵام -پەنا بە خودا- بە هۆی خۆشەویستی بۆ موڵک ودەسەڵاتەکەی ئامادە نەبوو مسوڵمان بێت. لەو پرسیارانەی لە ئەبو سوفیانی کرد ئەوەیە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی چییان پێدەکات ئەویش ووتی فەرمانی ئەوەیان پێدەکات کە بە تەنها ( الله ) بپەرستن وهیچ هاوبەش وشەریکێکی بۆ بڕیار نەدەن، وجگە لە خودا کەس وشتی تر مەپەرستن؛ نە فریشتە ونە پێغەمبەر ونە بەرد ونە خۆر ونە مانگ، ونە هیچ شتێکی تر، پەرستن تەنها بۆ خودایە، ئەمیش بانگەوازی پێغەمبەران بووە وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە هەمان ئەو بانگەوازە هاتووە وەکو پێغەمبەرانی پێشوو ئەویش بریتیە لە بانگەوازی کردن بۆ پەرستنی خودا بە تەنها وبە بێ هیچ شەریک وهاوبەشێک. ودەڵێت: (واز لە قسەی باوباپیرانتان بهێنن)، وئەمیش لە بە ئاشکرا کردنی بانگەوازیە بۆ هەق، ئەوەی باوباپیرانیان لە سەری بوون لە بت پەرستی؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیان کرد کە وازی لێبهێنن، وبەڵام ئەوەی باوپیرانیان لە سەری بوون لە ڕەوشتە جوانەکان؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیان نەکرد کە وازی لێبهێنن. ودەڵێت: (وفەرمانی پێمان دەکرد بە نوێژ کردن)، نوێژکردن پەیوەندیە لە نێوان بەندە وپەروەردگاری، ومەزنترین پایەی ئیسلامە پاش شاهێدی دان، وبەهۆیەوە ئیماندار وکافر جیا دەکرێتەوە، ئەو پەیمانەی ئێمە لە کافر وموشریکەکان جیا دەکاتەوە بریتیە لە نوێژ کردن، هەروەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (العهد الذي بيننا وبينهم الصلاة، فمن تركه فقد كفر)، واتە: (ئەو پەیمانەی لە نێوان ئێمە وئەوانە بریتیە لە نوێژ کردن، ئەوی واز لە نوێژ کردن بهێنێت ئەوا کوفری کردووە). ودەڵێت: (وفەرمانی پێمان دەکرد بە ڕاستگۆیی)، فەرمانی بە ئومەتەکەی دەکرد بەوەی کە ڕاستگۆ بن، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ}[التوبة: 119]، واتە: {ئەی باوەڕداران تەقوای خوای گەورە بکەن، ولەگەڵ ڕاستگۆیاندا بن، واتە لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵان بن -لە سەر ڕێبازی ئەوان بن-}، وڕاستگۆیی ڕەوشتێکی جوانە، دەبێت بە دوو بەشەوە: ڕاستگۆیی لەگەڵ خوای گەورە، وڕاستگۆیی لەگەڵ بەندەکانی خوای گەورە،

وهەردووکیان ڕەوشتێکی جوان وبەرزن. ودەڵێت: (فەرمانی پێمان دەکرد بە داوێن پاکی -عیفەت-)، عیفەت دوو جۆرە: 1/ عیفەت ودوور بوون لە شەهوەت وئارەزووی حەرامی داوێن. 2/ عیفەت ودووربوون لە شەهوەتی حەرامی سک (حەرام خۆری). یەکەمیان: ئەوەیە کە مرۆڤ دوور بێت لەوانەی لێی حەرامکراوە وەکو زینا ونێربازی ودووربوون لە هۆکارەکانی ئەنجامدانیان وەکو نەزەر کردن وگوێگرتن وتێکەڵاوی وجگە لەمانە، دووەمیان: دووربوون لە شەهوەتی حەرامی سک (حەرام خۆری) یان داوا نەکردن لە خەڵکی، چونکە پرسیار کردن لە خەڵکی جۆرێکە لە زەلیلی، چونکە پرسیارکار دەستی لە خوارەوەیە وبەخشەر دەستی لە سەرەوەیە، بۆیە نابێت پرسیار لە هیچ کەسێک بکەیت مەگەر شتێک نەبێت کە پێویستە. ودەڵێت: (وفەرمانی پێماندەکرد بە گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی)، ئەمیش ئەوەیە کە مرۆڤ پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت بە گوێرەی پلەیان لە نزیکەوە بۆ دوور، بەرزترینیان دایک وباوکە کە باڵاترین پلەیە وچاکەکارییە، ودەبێت پەیوەندی خزمایەتی بگەیەندرێت بە گوێرەی نزیکی خزمەکان، برا لە پێش مامە، ومام لە پێش مامی باوکە، وپەیوەندی خزمایەتی جێبەجێ دەکرێت بە هەر شێوە وهۆکارێک کە خەڵکی ئەو سەردەمە لە سەری ڕاهاتوون.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3154